Yekêtî Nusevanî Kurd
Stichting Koerdische Schrijvers in Nederland
یەکێتی نووسەرانی کورد لە هۆڵەندە

# بەناوی کوردستانی گەورە



ح.س.سۆران

soransa@hotmail.com
ح.س.سۆران
soransa@hotmail.com

**تاران – 25/8/ 2708**

## ماناى وشەی " کورد" چیە ؟

هۆنراوە :

" کورد"بە وردی یانی "گورد"ە،چەشنی رۆلەی زاڵە کورد ،
خالیس و خاوێن و بێگەرد چەشنی زێری قاڵە " کورد" .
میللەتێکی کۆن و ئەسڵی بەربەیانی مێژوە ،
خاوەنی مێژوی لە مێژی چەند هەزاران ساڵە کورد .
گەردەپرسی بۆ هەژار و بێ بەش و ئاوارەیە ؟،
**من دەڵیم هۆی هەر نیفاقە** ، وا ژیانی تاڵە کورد .
(ح.س.سۆران )

ئێستا لێرەدا، راڤەیەکی کورت تان سەبارەت بە مانای وشەی " کورد " پێشکەش دەکەم ، کە بە هیوام بە خشڵی سەرنجی بیرمەندان پرازێتەوە و ببێتە دەستەچێلەیەکی زمان ناسی کوردی :

بە بۆچوونی من ، وشەی "کورد " هەر هەمان وشەی " گورد" ە ، کە بە مانای پاڵەوان ، مێرخاس، قارەمان و جوامێرە ، بەڵام وشەکە عارەبێندراوە . یانی چون لە زمانی عارەبی دا ، پیتی " گ" نیە ، لە جێگەی پیتی "گ" ، پیتی "ک" دانراوە و لە باتی "گورد " ، وتویانە " " کورد " و لە زمانی کوردیش دا ، کە ژێر چەپۆحکەی زمانی عارەبی بوە ، ئەوە بوە بە باو و وردەوردە کەوتوەتە سەر زاران . پێویستە لە بیرمان بێ ، بۆ ئەو پیتە بیانیانەی کە لە زمانی عارەبی دا نین ، زۆرتر ئەو کارە کراوە و عارەبێندراون ، وەک پارلمان = بەرلەمان ؛پاریس =باریس ؛ چین = سین ؛ جاپان = یابان ؛ نۆروێژ = نەرویج و ... .

ئەگەر دەڕوانینە مێژو ، ئاوێنەی ئاکار و سەرگوریشتەی ئەم گەلە ، بە چەشنی زانستی و راستەقینە بۆمان دەردەکەوێ ، کە ئەم وشەیە ، وشەیەکی زۆر شیاوە و کورد وتەنی " لەم نەتەوەیە دەکاڵیتەوە " .

دیارە بە هەمو زمانیکیش وشەی کورد ، وەک یەک دەرناپڕن ( تەلەففوز ناکەن ) ، بۆ وێنە :

فەڕانسەییەکان دەنووسن " kurde " ، بەڵام وەک " کیوغد " دەری دەبڕن .
ئینگلیسیەکان دەنووسن "Kurd " ، بەڵام وەک " کەرد" دەری دەبڕن .
ئەلمانیەکان دەنووسن ”Kurd" ، بەڵام دەڵێن "کورد" .
عارەبەکان زۆر جار بە چەشنی کۆ دەری دەبڕن و دەڵێن " ئەکراد " .
یۆنانیەکانیش لە مێژودا وشەی " کاردۆخ ، کاردۆک ، کاردۆ و ... یان بەکار بردوە .
تورکە عەنەدۆڵەکانیش لەم وشەیە وەک ملۆزم سڵ دەکەن و پێیان بقڤەیە !!!.

هەر وەک دەزانن وڵاتی کوردستانی گەورەش بەو دەڤەرە دەڵێن ، وا لە نێوان پێنج وڵاتی تورکیا ،ئێران، ئێراق ،سووریا و ئەرمەنستان دا بەش کراوە ، نزیکەی 50 میلیۆن حەشێمەتی هەیە ، کە دەگوترێ گەورەترین گەلی نا سەربەخۆی ( بێ دەولەتی) جیهانە :

تێبینی:بەڵام پێم وایە کاتێک بە زمانی فارسی دەنووسین " کردستان" ، وا جوانترە بنووسین " کوردستان " .